## گڕی هۆنراوەیەک بۆ دەسەڵات. . م. حەمید حەزیز

پێشکەشە بەبەڕێز د. ئاوات محەمەد ئەمین کە خۆیی و خێزانی بێکارن. . . . !!.

(گڕی هۆنراوە)
ئومێدێک پڕ لەدنیای زانست دوور لە وانەی جەورو ستەم
شۆڕشێکە دژ بە کۆشکی دەسەڵات و سەرمایەدار
گڕی هۆنراوەیەکیش بۆ دنیای سوتانی سیستەمە خوارو گێرەکان
بۆ عەقڵە کێویەکانی شەڕو دور لەمیهرو سۆزی بەرائەتی ئینسان
لە ئاسمانی درۆکانیان فرمێسک بۆ کێڵگەمان ئەبارێنن
بۆیە دایم ڕەنجی کارمان فیرۆدانە
ڕاستگۆیش پێنوسێکی ئاڵتونی پڕ لەمرەکەبی ویژدانە.
. . . . . .
ئومێدێک پڕ لەدنیای زانست دوور لە وانەی جەورو ستەم
دەبێتە بۆمبێکی گەورە بۆ دڵە ڕەشەکانی سەردەم
کتێبێکیش نوسەری ئازا بێت لاپەڕەکانی دنیای سەربەستی گووڵ دەنوسێتەوە
مرۆڤێک مەعدەنی تێکەڵ نەبێت بەلیتەی نۆکەری خاوەن بیروباوەڕ دەردەچێت
ڕۆحی پیاوێکی ئازا و قارەمان درەنگتر لە ترسنۆکێک دەردەچێت و دەمرێت
پیاوی مەرد نابێتە پیاوی کەس و دەریایەک ئەبێت لە غیرەت
گەورەیی پیاوێکی هەژار لەناکرنوشی یەوە دەبینرێ بۆ دەسەڵاتێکی سەقەت
. . . . . .
ئومێدێک پڕ لەدنیای زانست دوور لە وانەی جەورو ستەم
دنیای ناخە جوانەکان قەد ئاوی ڕون لێڵ ناکەن
چاوی تاریکی شەڕە نابینێ هەستێک بۆ چرپەو هەناسەی گووڵەکان
هەر پیاوی نەزانە سوچەرو کرنوشی مێژوو ئەنوسێتەوە
پاسەوانی دەسەڵات و پشت ئەکاتە نەتەوە
پیاوی ئازا تفەنگی باوەڕ تاو ئەدا، باوەڕ بەخۆبون و مرۆڤ ئەکا
چەترێک ئەبێت بۆ نەتەوەی کەتەڕ نەبێ، خۆی تەڕئەکا
. . . . . .
ئومێدێک پڕ لەدنیای زانست دوور لە وانەی جەورو ستەم
شۆڕشێکە و ڕقی پیرۆز بۆ بەختەوەری گەلەکەی، خۆی بەخت ئەکا
بارانی یەکسانی ئەبارێنێ و دڵی پڕ میهری گەلەکەی جوانتر دەکا
سوتانی ڕۆحی ماندوی بۆ زانستە، ئازاری دڵ و پەنجەی پڕ بەگەروی
دژ بە دەسەڵاتی ڕزیوی جەور هاوار دەکا.
پیاوی ئازا میوانی ماڵێکی پڕ ئومێدە، هەستتە جوانەکانی بوون دەبزوێنێ
هاوارو ناڵەی دڵ و ویژدانە نوستوەکان بەخەبەر دێنێ.

M_Hamidaziz@hotmail. com